# نوسەری ڤیستیڤاڵ !

**هێمن مەحمود**

Hemnm1979@yahoo.com

ئەدەب بەرلەوەی توانا و لێهاتوی بێت پێویستیەکی رۆحیە، نوسەری ئەدەبی هەرچەندە توانا و لێهاتوییەکی گەورەی هەبێت لە رووی داڕشتن یاخود زمانەوانیدا ئەگەر لە قوڵاییەکانی رۆحیدا ئارەزوییەکی کوشندەی بۆ نوسین نەبێت هەموو ئەو شتانەی کە دەیانخاتە سەر کاغەز و ناوی لێدەنێت (شیعر یا چیرۆك یا رۆمان) جگە لە کۆمەڵێ وشەی بێ سەروبەر هیچی دیکە نیە.

نوسین پرۆسەیەکی کاتی نیە لە دوای ڤیستیڤاڵێکدا بوەستێت ،نوسین پرۆسەیەکی بەردەوام و درێژە و خاوەنەکەی هەرگیز بێتاقەت نابێت لێی.

نوسەرە گەورەکانی دونیا لە رێگای ڤیستیڤاڵە ئەدەبیەکانەوە ناوبانگیان دەرنەکردووە، بەڵکو ئەوە دەقە جوان و ناوازەکانیان بون بە دونیای ناساندون ، ئەگەر خەڵاتی ڤیستیڤاڵێکی گەورەشیان وەرگرتبێت ئەوە دوای ناوبانگ و دەقە جوانەکانیان بوە.

لە دنیای ئەدەبی ئێمەشدا دیاردەیەکی ناشیرین سەریهەڵداوە ، ساڵانە دەیەها ڤیستیڤاڵ سازدەکرێت و ملیۆنەها دیناری تیادا خەرجدەکرێت جگە لەچەند نوسەرێك کە لەپەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن چی دیکەی بەرهەم نەهێناوە.

حیزبەکان و دەزگا جەماوەری و رۆشنبیرییەکانیان وەك ئەوەی ڤیستیڤاڵ بە تاقە دەروازەیەك بزانن بۆ دروستکردنی نوسەر هەموو ساڵێك ئەم دیاردەیە تۆختردەکەنەوە.

من گومانم لەوەنیە لەناو ئەوانەی بەشداری ئەو ڤیستیڤاڵە ئەدەبیانەدا دەکەن کەسانی داهێنەر هەبێت،بەڵام گومانم لەوە هەیە ئەو داهێنەرانە بەرهەمی ئەو ڤیستیڤاڵانە بن.

زۆربەی زۆری ئەوانەی خەڵاتەکانی ئەو ڤیستیڤاڵانە دەبەنەوە (لەوە گەڕێین هەندێك جار لێپرساوە باڵاکان خۆیان پێشتر براوەکانیان دیاریکردووە) پێویستیەکی رۆحی وەهای لێنەکردون دەقەکانیان بنوسن،بەڵکو تەماحی پارەکە و ئارەزوییەکی کاتی بۆ نوسین پێیان دەنوسێت هەربۆیە زۆربەی زۆری گوێگرانیان کە لەهۆڵەکە چونە دەرەوە هیچیان وەبیرنەماوە.

ئەوە ناوە جوانانەی کە لە دونیای ئەدەبی ئێمەدا هەن بەرهەمی ڤیستیڤاڵە سەقەت و دیعایە حیزبییەکان نین، بەڵکو بەرهەمی رۆحی خۆیانن ،بەرهەمی خوێندنەوە و پشودرێژی و ئارەزوی نەبڕاوی خۆیانن بۆ نوسین.

کوان ئەو هەموو چیرۆك نوس وشاعیرەی ناو ڤیستیڤاڵە ساڵانەییەکان؟ ئەو پارانەی لەو کارە بێ بایەخانەدا سەرفدەکرێت چاکتر نیە لە چاپکردنی چەند کتێبێکی بەهاداردا سەر فبکرێ ؟